# فەزای بینین لە ڕۆمانی ژن ی ڕێواس ئەحمەد دا

**پەخشان عەلی ئەحمەد[1] تاهیر محەمەد عەلی[2]**

[1] بەشی زمانی كوردی، كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی كوردی، كۆلیجی زمان، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق

---

**پوختە**

لەم گەردونەدا هیچ شتێک لە فەزا دابڕاو نییە، هیچ بونەوەرێکیش نییە فەزا لە خۆی نەگرتبێت و دەوری نەدابێت، کەواتە فەزا ئەو جیهانە فراوانەیە، کە تیایدا بونەوەرەکان و شتەکان و کردارەکان ڕێکدەخرێن و دەچێتە ناو ژیانی مرۆڤەوە، بۆیە مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا بێت هەست بە بونی فەزا دەکات. فەزا یەکێکە لەو پایە سەرەکییانەی ڕۆمانی لەسەر بنیاتدەنرێت و گرنگییەکەشی بە رادەیەکە، کە قورسایی ڕۆمانەکە هەڵدەگرێت، چونکە فەزا دەمانخاتە ناوکەشی ڕۆمان و وامان لێدەکات بە تامەزرۆییەوە دوای ڕوداوەکان و سروشت و میزاجی کارەکتەرەکانی ڕۆمان و چارەنوسیان بکەوین و پێشبینیی کۆتاییەکان بکەین، هەروەها هەست بە جوانیی گێڕانەوەکەش بکەین، هەر لەبەر ئەو گرنگییەی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت کرد بە فەزا، بەتایبەتی فەزای بینین، کە (جولیا کریستیڤا) لێی دواوەو دەچێتە ناو گۆشەی بینینی وەگێڕەوە (گێڕەرەوە)، چونکە بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە، بە شێوەیەک دەتوانێت بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەدا باڵادەست بێت، تەنانەت بەو کارەکتەرانەشەوە، کە تیایدان و لەسەر ڕوکارەکە دەجوڵێنەوە. سنوری لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد)، بۆ میتۆدی لێکۆڵینەوەکەشمان پشتمان بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەستووە. لێکۆڵینەوەکە لە دو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە فەزای بینین کردووە، دواتریش لـە پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین دواوین، لە تەوەری دووەمیشدا، جگە لە دیاریکردن و باسکردنی جۆرەکانی فەزای بینین، ئەوا دواتر بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ڕۆمانی (ژن) ی (ڕێواس ئەحمەد)دا پراکتیزەمان کردون.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕۆمانی کوردی، ڕێواس ئەحمەد، ژن، فەزا، کارەکتەر

---

## ١. پێشەکی

(فەزا) یەکێکە لەو زاراوانەی لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا هاتوەتە ناو زمانی کوردیەوەو لە وشەی (فضاء)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ئەگەر سەیری فەرهەنگە عەرەبییەکان بکەین وشەی (فضاء) لەڕوانگەی فەرهەنگنوسەکانەوە کۆمەڵێک واتای هەیە، ئەمەش پەیوەندی بە بینین و تێڕوانینیانەوە هەیە بۆ وشەکە. لەوانە (فەیروز ئەبادی) لە فەرهەنگی (المحیط)دا بەرامبەر بە وشەی فەزا: فراوانی، یان مەودای گۆڕەپان یان پانتاییەکی زەویی داناوە (آبادي، ٢٠٠٧، ١٣٢٧)، بەڵام لە (معجم المقاييس في اللغة)دا زاراوەی فەزا دەلالەت لە فراوانی لە شتێک یان فراوانی لە فەزایەکدا دەکات: شوێنێکی فراوان، لەمەوە فەزا بریتییە لە شوێنێکی فراوان...(ابو الحسين، ١٩٩١، ٥٠٨)، لای ڕازیش لە (مختار الصحاح)دا فەزا بە مانای گۆڕەپان یان پانتاییەک لە زەوی هاتووە(الرازي، ١٩٩٠، ٣٢٣)، یان هەر لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە بە فەزا (الفضاء)، یان بۆشایی (الفراغ) یان بوار (المجال) یان پانتایی (الحيز) وەردەگێڕدرێت" (إلياس و حسين،١٩٩٧، ٣٣٧-٣٣٨). کەچی لە (المعجم الفلسفي)دا پەیوەست دەکرێت بە گەردونەوە و بە بەشێک لە گەردون دادەنرێت "فەزا بەشێکە لە گەردون، کە لە دەرەوەی کایەی ئێمەدایە، کە تیایدا چڕیی جۆرەکان زۆر کەمترە بەراورد بە سەر زەوی"(صليبا، ١٩٧٣، ٤١٢). ئەو واتایەی لێرەدا بۆ فەزا بەکار هاتووە مەبەست لێی بۆشایی گەردونە.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Space) وەک هاوواتای فەزا بەکار دێت، بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بریتییە لە: بۆشایی یان پانتاییەکی بەکارنەهاتو لە نێوان دو شت یان زیاتردا، یاخود لە نێوان دو خاڵ یان زیاتردا (Simpson، ٢٠٠٨، ١١٣٧)، بەڵام لە فەرهەنگی لاروس (Larousse) دا مەبەست لە (Espace) درێژبوونەیەکی نارون (مبهم)ەو هەمو شتێک دەگرێتەوەو دەوری دەدات(Larousse، ٢٠٠١، ١٥٥). هــەروەها (مـاری ئیلیاس و حەنان قەساب حسێن) لـە فـەرهەنگە

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێككەوتی: وەرگرتن ٢٠ ئایار ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ٢٩ تەمووز ٢٠٢٠
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: pakhshan.ahmed@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ پەخشان عەلی ئەحمەد، تاهیر محەمەد عەلی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp53-61

شانۆییەکەیاندا (مفاهيم ومصطلحات المسرح وفنون العرض) بەمجۆرە ناساندویانە: "وشەی (espace)ی فەرەنسی و (space)ی ئینگلیزی لە وشەی (spatium)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای مەودا و درێژبونەوەی بێسنور دێت، هەروەها بە واتای بۆشاییەکی جیاکەرەوە بە چەمکە شوێنی و زەمەنییەکەی وشەکە دێت.

فەزا چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: فەزای دەق، فەزای جوگرافی، فەزای دەلالی و فەزای بینین، ئەو جۆرەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە مەبەستمانە لێی بدوێین (فەزای بینین)ە.

فەزای بینین ئەو چەمکە فەزاییەیە، (جولیا کریستیڤا) لێی دواوەو وای دەبینێت، کە "فەزا بەهۆی گۆشەنیگای تاکانەی نوسەرەوە چاودێری دەکرێت و لە یەک خاڵدا کۆدەبێتەوە، هەمو هێڵەکانیش لەو خاڵەدا کۆدەبنەوە، کە نوسەری لێیە، ئەو هێڵانەش لەو پاڵەوانە کارایانەدا دەنوێنرێن، کە گۆکراوەکان بەهۆی ئەوانەوە دیمەنی ڕۆمانەکە دەچنن" (لحمداني، ٢٠٠٦، ٦١)، واتە لای (کریستیڤا) ئەمجۆرە فەزایە پەیوەندییەکی پتەوی بە نوسەر یان وەگێڕەوە هەیە، چونکە ئەم هێڵە گشتیەکانی ڕۆمانەکە دەکێشێت. هەروەها (جولیا کریستیڤا) "ڕۆمان دەچوێنێت بە ڕوکاری شانۆ، جیهانی ڕۆمانیش بەو کارەکتەر و شتانەی لەناویدان و وا دەردەکەوێت بەستراوە بە کۆمەڵێک بزوێنەری سوکەوە، کە نوسەر بەپێی هێڵێکی کێشراو بەرێوەی دەبات، ئەمەش وەک ئەوەیە، کە بە ڕۆمانی بینینی وەگێڕ یاخود گۆشەنیگای ڕۆماننوس ناودەبرێت"(عزام، ٢٠٠٥، ٧٥)، بۆیە بە لای ئەوەوە فەزای ڕۆمان بریتییە لە فەزای بینینی وەگێڕ، کە دەتوانێت ڕۆڵەکان بەسەر کارەکتەرەکاندا دابەش بکات.

هەڵبژاردنی دەستەواژەی شانۆ و نواندن بۆ ئەمە، بەڵگەیە لەسەر ئەو بێ کۆت و بەندی و ئەو ئازادییەی دراوە بە کارەکتەرەکە، (کریستیفا)ش لە جیاتی کارەکتەر بە ئەکتەر دەری بڕیوە، بۆ ئەوەی تێڕوانینی نوسەر لە فەزادا بەسەر گێڕانەوەکەدا باڵادەست نەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەمجۆرە فەزایە دەچێتە ناو بەشەکانی گۆشەی بینین لای وەگێڕ، چونکە بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە و ئاماژە بەو ڕێگەیە دەکات، کە وەگێڕ دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەیدا باڵادەست بێت بەو کارەکتەرانەشەوە، کە تیایدان و لەسەر ڕوکارەکە دەجولێنەوە، بەجۆرێک کارەکتەر یاخود ئەکتەر ئەو نێوەندگیرییە، کە نوسەر دەتوانێت لە ڕێگەیەوە پەیامەکەی بگەیەنێتە وەرگر و پێچەوانەکەش ڕودەدات، چونکە وەرگریش دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو ئەکتەرەوە پەیامەکە بناسێتەوە، کە سەرجەم بینینە کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ڕۆشنبیری، ئایدیۆلۆجییەکانی دەوری بونیاتی ڕۆمانەکە دەگوێزێتەوە بۆ ئەوەی فەزایەکی بینینی تەواو لە خۆبگرێ.

کەواتە (کریستیڤا) پێیوایە بینینی نوسەر دەست بەسەر فەزای ڕۆمانەکە بە شوێن و کارەکتەر و پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان و هەروەها پەیوەندیی نێوان شوێن و کارەکتەرەکانیشەوە دەگرێت ، واتە فەزا و شتەکانی ناوی پارێزگاری لە هەمان ئەو واتایانەیان ناکەن، کە پێش ئەوەی بێن بە پێکهاتەیەکی گێڕانەوەیی هەیان بووە، بەڵکو بەپێی ڕوانینی نوسەرەکە ڕەنگرێژ دەکرێن. لەمەشەوە توانای فەزای بینین بۆ خاوەنداری و خستنەڕو دەدرەوشێتەوە، تاوەکو بتوانێت بە ئازادی کارەکتەرەکانی بجولێنێت، کە تیایدا ڕۆمانەکە بونیادیکی تەواو پیشان دەدات لە میانەی گۆشەی هەر بینینێکی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، لێرەوە گونجان و ڕێکوپێکی ڕودەدات، هەر ئەمەش وای لە (کریستیفا) کردووە بیچوێنێت بە ڕوکاری شانۆ، کە وەگێڕ پشتی پێ دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکانی بە وەرگرەکان و دەیخاتە ناو چەمکەکانی فەزای دەقەوە.

## ٢. پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین:

وەگێڕ ئەو کەسەیە، کە حیکایەت دەگێڕێتەوە، جا ئەو حیکایەتە چ ڕاستەقینە بێت یاخود خەیاڵی، تێیدا "باسی ڕوداوەکان دەکات و وەسفی شوێنەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی و کارەکتەرەکان نمایش دەکات و قسەکانیان دەگوازێتەوە، کە گوزارشت لە بیر و بۆچوون و هەستەکانیان دەکات" (إبراهيم، ١٩٩١، ٦١). ڕۆماننوس لە ڕۆمانەکەدا بە دەنگی خۆی قسە ناکات، بەڵکو وەگێڕێک بۆ ئەم کارە ڕادەسپێرێت، لەوانەیە ئەو وەگێڕە یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، مەرجیش نییە وەگێڕ ناوێکی دیاریکراوی هەبێت، لەوانەیە لە پشت ڕاناوێکەوە خۆی بشارێتەوە، یان بە پیتێک ئاماژەی پێ دەکرێت.

وەگێڕیش جۆری هەیە، وەک وەگێڕی ئاگادار لەهەمو شتێکی ناو ڕۆمانەکە، کە ڕێگا نادات خوێنەر هیچ شتێک بزانێت، جگە لەو شتانەی خۆی پیشانی دەدات و بە پێی بینینی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە. جۆرێکی تر لە وەگێڕ وەگێڕی هەمان شتزانە، کە هەمان زانیاری کارەکتەرەکە دەزانێت و لە ڕۆمانەکەدا سنوری کارەکتەرەکان تێ ناپەڕێنێت، جۆرێکی تریشیان وەگێڕی کەم شتزانە، ئەمەش ئەو وەگێڕەیە کە زانیارییەکانی لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە، جا چ خۆی یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، یان بینەر بێت، یان بێ لایەن بێت بڕوانە: (جنيت و آخرون، ١٩٨٩، ٧٢).

لێرەدا گرنگە جیاکاری لەنێوان (ڕۆماننوس) و (وەگێڕ)دا بکرێت، چونکە ڕۆماننوس نوسەر و خوڵقێنەری جیهانە خەیاڵییەکەیە، ڕوداو و کارەکتەر و سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکەی هەڵدەبژێرێت، هەر ئەویش وەگێڕەکە هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە دەقی ڕۆمانەکەدا ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، کەچی وەگێڕ بریتییە لە شێوازی پێشکەشکردنی بابەتی ڕۆمانەکەو یەکێکە لەو ماسکە زۆرانەی ڕۆماننوس لە کاتی پێشکەشکردنی بەرهەمەکەیدا لە پشتییەوە خۆی دەشارێتەوە. ئەگەر وەگێڕ ئەو کەسە بێت، کە حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە، ئەوا (بینین) ئەو ڕێگەیەیە، کە وەگێڕ بەهۆیەوە ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە و دەست دەگرێت بەسەر مەسەلەی باری وەگێڕ لە ڕۆمانەکەداو گوزارشتە لە بینینی ئەو کەسەی دەرک بە شتەکان دەکات، چونکە چۆن شتەکە دەبینێت بەو جۆرە دەیگێڕێتەوە، بۆیە لێرەدا ئەم دو زاراوەیە پێکەوە دێن و بەناو یەکدا دەچن، بەمەش "نە بینین بێ وەگێڕ دەبێت و نە وەگێڕیش بێ بینین دەبێت" (إبراهيم، ١٩٩١، ١١٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندییەکی پتەو بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

چەمکی بینین یان گۆشەنیگا بە دو قۆناغ گەشەی کردووە: قۆناغی یەکەم لەگەڵ ڕەخنەی ئەنگلۆ ـ ئەمەریکی و لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە تا کۆتایی شەستەکان، قۆناغی دووەمیش لە سەرەتای حەفتاکانەوە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە دەست پێ دەکات، کە ترۆپکەکەی دەرکەوتنی گێڕانەوە بو وەک پسپۆڕییەکی تەواو، واتە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زانستی گێڕانەوەدا دەست پێدەکات (بڕوانە: عزام، ٢٠٠٣: ٣٦). کەواتە بۆ ئەوەی زیاتر لە پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین بگەین، لە ڕوانگەی چەند ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێکەوە باس لە جۆرەکانی بینین بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەکەین.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp53-61

سەرەتا ئەم چەمکە لای (هێنری جیمس) دەرکەوت، پاشان (بێرسی لۆبۆک) جیاوازی لەنێوان خستنەڕو (پیشاندان) و گێڕانەوەدا دەکات، لە خستنەڕودا گێڕانەوەی چیرۆکەکە خۆی بەدی دەهێنێت، واتە چیرۆکەکە خۆی باسی خۆی دەکات، بەڵام لە گێڕانەوەدا وەگێڕێک هەیە، کە ئاگای لە هەمو شتێکە، واتە هەمو شتزانەو ئەم کارە دەکات (لوبوک، ١٩٨١، ٤٤). پاشان رەخنەگری فەڕەنسی (جان بۆیۆن) بە درێژی باسی بینین دەکات و جۆرەکانی دیاری دەکات، کە بریتین لە:

١. بینین لەگەڵ: تیایدا زانیاریی کارەکتەرەکەو زانیاریی وەگێڕ یەکسانن.

٢. بینین لە دواوە: تیایدا وەگێڕ هەمو شتێک دەزانێت و پەی بە ڕوداوەکان دەبات.

٣. بینین لە دەرەوە: تیایدا وەگێڕ لە کارەکتەرەکە کەمتر شت دەزانێت (جنیت وآخرون، ١٩٨٩، ٥٩).

دواتر(تۆدۆرۆف)ی ڕەخنەگر چەند هەموارکردنەوەیەکی سادەی لە پۆلێنەکەی (بۆیۆن)دا کردو دوانەیەکی چڕکراوەی بۆ پۆلێنەکە دانا، ئەو دوانەییەش بریتی بون لە: بینینی دەرەکی و بینینی ناوەکی، ئەم دو بینینەش بەرامبەر شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و گێڕانەوەی خودین لای (تۆماشفسکی)، کە فۆڕمالیستێکی ڕوسییە. بینینی دەرەکی بریتییە لە بینینی وەگێڕی هەمو شتزان، کە بە ڕاناوی نادیار دەگێڕێتەوەو لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بینینی ناوەکی بریتییە لە بینینی وەگێڕی کەم شتزان، یان هاوبەش وەک لە بینین لای (جۆن بۆیۆن)دا هەیە، ئەمەش بینینێکە لە شێوازی گێڕانەوەی خودییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەو ڕۆمانانەدا هەیە، کە بە ڕاناوی قسەکەر دەنوسرێن و ژیاننامەی خودیش دەگرێتەوە (بڕوانە: یوسف، ١٩٩٧، ٣٥). هەروەها (تۆدۆرۆف) بە دەستکارییەکی کەمەوە گۆڕانکاری لە دابەشکردنی جۆرەکانی بینین دەکات و دابەشی دەکاتە سەر سێ جۆر، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. وەگێڕ > کارەکتەر: بینینێکە لەسەر چەمکی وەگێڕی هەمو شتزان دادەمەزرێت، هەندێک جار زانیارییەکانی لە زانیاریی کارەکتەرەکان زیاترە.

٢. وەگێڕ = کارەکتەر: بینینێکە تیایدا زانیاریی وەگێڕ و زانیاریی کارەکتەرەکان یەکسانن.

٣. وەگێڕ < کارەکتەر: ئەو بینینەیە، کە تیایدا زانیاریی وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە(بڕوانە: تودوروف، ١٩٩٦، ٧٨-٧٩).

دوای ئەمانە (جیرار جنێت) بە پشت بەستن بەوانەی پێش خۆی سێ جۆر بینین دیاری دەکات، کە بریتین لە:

١. بە چەقکردنی سفر، یان بەچەق نەکردن: لەمجۆرەیاندا وەگێڕی هەمو شتزان باڵادەستە.

٢. بە چەقکردنی ناوەکی: ئەمجۆرەیان لەبەرئەوەی چەند شێوەیەکی هەیە، بۆیە وەگێڕیش جیاوازە، شێوەکانیش بریتین لە:

أ- جێگیر و نەگۆڕ: بینین و گێڕانەوەی ڕوداوەکە تەنیا یەک کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە ئەنجامی دەدات.

ب- ناجێگیر و گۆڕاو: لێرەدا بینین و گێڕانەوەکە لە ڕێگەی چەند کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکە دەبێت، واتە وەگێڕ دەگۆڕێت.

ت- جۆراوجۆر: بینین و گێڕانەوەی ڕوداوەکە جۆراو جۆرە، واتە چەند کەسایەتییەک یەک ڕوداو بە پێی بینینی خۆیان دەیگێڕنەوە.

١. بە چەقکردنی دەرەکی: لەم جۆرەیاندا زانیاری وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە، چونکە زانیاریی وەگێڕ لەوەدا کورت دەبێتەوە وەسفی کارەکانی کارەکتەرەکان و ڕواڵەتی دەرەوەیان و جوڵەو دەنگەکانیان دەکات، بەڵام ئاگای لە هزرەکانیان نییەو هەوڵیش نادات ئاشکرای بکات، کەواتە لەمجۆرەدا خوێنەر بەردەوام ڕوبەڕوی کاری ناڕون دەبێتەوە، کە پێویستی بە هەوڵ و ماندوبونە بۆ ئەوەی لێی تێبگات (بڕوانە: جنیت، ٢٠٠٠، ٢٠١-٢٠٢).

لە کۆتاییدا جگە لەمانە فۆڕمالیستی ڕوسی (تۆماشفسکی)، دو جۆر بینین لە شێوازەکانی گێڕانەوەدا دیاری دەکات، کە ئەمانەن:

٢. گێڕانەوەی بابەتی: جۆرێکی بەربڵاوە، ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ (داستان) دەگەڕێتەوە، لەمجۆرەیاندا وەگێڕ هەمو شتزانە و ڕوداوەکان بە هۆی جێناوی کەسی سێیەمەوە بە شێوازێکی بابەتیانە دەگێڕێتەوە، ئاگاداری هەمو شتەکان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، تەنانەت ناخ و بیر و هەستە شاراوەکانیشیان، بەڵام بە بێ ئەوەی بهێڵێت کارەکتەرەکان لە خۆیان بدوێن.

١. گێڕانەوەی خودی: لەمجۆرەدا وەگێڕ هەمان شتزانە، گێڕانەوەکە بە بینینێکی خودییانە دەگێڕێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی گێڕانەوەی بابەتییەوە کارەکتەرەکان بواریان پێدەدرێت لە خۆیان بدوێن، هەروەها باس لە بەسەرهات و شتە شاراوەکانی ناو ناخ و دەرونیان بکەن.(بڕوانە: توماشفسکی، ١٩٨٢، ١٨٩)

کەواتە لێرەدا پەیوەندییە پتەوەکەی نێوان وەگێڕ و بینینمان بۆ دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی لە دابەشکردنەکاندا چەند جۆرێک لە بینینمان باسکرد لە ژێر چەند ناوێکی جیاوازدا، بەڵام ئەم دابەشکردن و جیاوازییە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکان نابێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە جۆری بینینی شتەکان و گێڕانەوەیانە لەلایەن وەگێڕەوە بۆ خوێنەر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە "بەپێی فرەیی تێڕوانینە گێڕانەوەییەکان گۆشەی بینینی شتەکانیش فرە دەبن، ئەمەش کار دەکاتە سەر شێوەی پێشکەشکردنەکەی و دەرک کردنی وەرگر بۆی" (بڕوانە: سعداللە، ٢٠٠٨، ١٥١)، چونکە سروشتی شتەکانی ناو دەق تەواو جیاوازن لە شتەکانی ناو واقیع، بۆیە ئەگەر ڕۆمانوس لەو دەقە ئەدەبییەدا، کە پێشکەشی دەکات، لە واقیع و ژیانەوە دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی خەیاڵیی دیاریکراو، ئەوا لە کۆتایی دەقەکەیدا بۆ واقیعەکە ناگەڕێتەوە ، چونکە جیهانێکی نوێی خەیاڵیی دروست کردووە کە جیاوازە لە جیهانەکانی تر.

## ٣. جۆرەکانی فەزای بینین:

لە نێوان مرۆڤ و شتدا پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستراو و لێک دانەبڕاو هەیە، چونکە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتیدا شتەکان وردە وردە پەیدابوون، جگە لەوەش ژیانی مرۆڤیش بەستراوە بەو شتانەی لە دەوروپشتیدان و لێیان جیانابێتەوە. ئەگەر ئەو شتانە بۆ ساتێکی دیاریکراویش بۆشاییەکانی ژیانی پڕ بکەنەوە، ئەوا مرۆڤ هەڵیان دەگرێت و ئەوانیش ئەو هەڵدەگرن، هەروەها لەنێوانیاندا دەژی، دروستیان دەکات و بەکاریان دەهێنێت، تەنانەت هەندێک جار وازیان لێ دەهێنێت و هەندێک جاری تریش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست دەبێت پێیانەوەو نایەوێت لێیان جیاببێتەوە، تەنانەت شتەکان دوای مردنی مرۆڤیش وەک بەڵگەیەک لەسەر بونی پێشتری ئەو دەمێننەوە و لەدوای مردنیشی دەبنە یادگارییەکی نەمری ئەو. جا ئەگەر ئەو شتانە یادەوەری خۆش یان ناخۆشمان لەگەڵیان هەبێت ، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە شتەکان بە بنچینەی ئەو فەزایەی تیایدان دادەنرێن، هەرچەندە ئەگەر

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp53-61

کاتیش تێپەڕێت و شوێنیش بگۆڕێت، تەنانەت لەوانەیە فەزاکەش لەناو بچێت، بەڵام هەندێک لەو شتانە دەمێننەوە، کە ئاماژە بە هەندێک لە سیماکانی فەزاکە دەکەن.

سەرەتای گرنگیدانیش بە شت بۆ لێکۆڵەری سویسری (فردیناند دی سۆسێر) دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ سەردەمی دەرکەوتنی زمانەوانیی نوێدا بووە، ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە بو لەبارەی زمانەوانییەوە وەک هەوڵێکی ئەو بۆ شیکردنەوەی دیاردەی بەخشینی واتا بە شتەکان لەلایەن خەڵکەوە.

(میشال بۆتۆر) بەمجۆرە وەسفی شت دەکات و دەڵێت: "شتەکان تەرم و پاشماوەی زەمەنن" (بوتور، ١٩٧١ ،٥٥)، لێرەدا (بۆتۆر) نەیوتووە شوێن پاشماوەی زەمەنە، بەڵکو بە شتەکانی ناوی ئاماژەی پێ کردووە، ئەمەش لەبەر پەیوەندیی بەهێزی نێوان شت و شوێنە، چونکە شت دەبێتە نوێنەری شوێن. هەر سەبارەت بە واتای شت (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) وای دەبینێت: "وشەکان ڕێک شتەکان نانوێنن، بەڵکو لاسایی ئەسڵەکە دەکەنەوە یان لاسایی ئەنجامی کارێک دەکەنەوە" ( إیکو، ٢٠٠٥، ٢٠٦)، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە مەرج نییە هەمو شتێک واتا ڕاستەقینەکەی خۆی هەبێت، بەڵکو ئەو واتایەی هەیەتی لەوانەیە ڕێک شتەکە نەنوێنێت، چونکە (ڕۆلان بارت) پێی وایە هەروەک چۆن بەڵگە دو ڕایەڵی هەیە (دال و مەدلول)، بە هەمان شێوە شتیش دو ڕایەڵی هەیە، کە بریتین لـە:

١. ڕایەڵی ڕەمزی (قوڵ): شتەکە ئاماژەیە بە مەدلولێک کە باکگراوندێکی مەجازیی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر چرایەکی داگیرساومان بینی یەکسەر دەرک بەوە دەکەین کاتەکە ئێوارەیە، ئەگەر ڕەنگێکی دیاریکراومان بینی ئەوا بە ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتێکی دیاریکراو دەیخوێنینەوە، ئەمەیان لەسەر (دانانی هەمو شتێک بەوەی بەلایەنی کەمەوە دالێکە بۆ یەک مەدلول) دامەزراوە.

٢. ڕایەڵی پۆلێنی (ڕوکەشی): مرۆڤ وا دەژی، کە بەبێ مەبەست  شتەکان لە زەینیدا پۆلێن دەکات، یان لەوانەیە کۆمەڵگە ئەو پۆلێنکردنە بسەپێنن بەسەریدا، پۆلێنکردنی شتەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستیدا سودێکی زۆری هەیە، چونکە پێویستە مرۆڤ هەمو پارچە پێکهێنەرەکانی ئامێرێکی دیاریکراو بزانێت، هەروەها ئینسیکلۆپیدیاش لەسەر پۆلێنکردنی شتەکان دامەزراوە (بڕوانە: بارت١٩٩٣، ٤٢-٤٣).

شتەکانیش بەو جۆرەی ئێمە دەیان بینین دیاری ناکرێن، بەڵکو بەپێی چەند ڕەهەندێکی نەبینراوی تر دیاری دەکرێن، لایەنە بینراوەکانی شتەکان کۆمەڵە پێوەرێکن، کە جیاوازن لە نەبینراوەکان، ئەم نەبینراوانە واتای ڕاستەقینەی شتەکان تەواو دەکەن، بۆ نموونە (مێز) لە کۆمەڵێک پارچە تەختە پێکدێت، بەڵام واتاکەی لەڕوی بەکارهێنانەکەیەوە تەواو دەبێت، "شت واتای خۆی لەوانەوە وەردەگرێت کە دەوریان داوە، بەتەنها و دابڕاوی واتای نییە، بەڵکو مەدلولەکەی لەڕێگەی هەبونی لەگەڵ شتەکانی تردا بەدی دێت، هەر ئەمەش پێناسەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، کە جیایە لە شتەکانی تر. دەکرێت پێناسەی مێز بکرێت کە (لە کورسی بەرزترە)، یان (لەسەر زەوی دانراوە)، دەکرێت لەبەرامبەر پەنجەرە دابنرێت) و ... هتد" (بوتور، ١٩٧١، ٥٥)، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ناکرێت بۆ نمونە کورسی بەو شێوەیە ببینین و وەسفی بکەین، کە لەسەری دادەنیشین و چوار قاچی هەیە ، بەڵکو لایەنی نەبینراویشی هەیە، کە پێویستی بە بینین و دەرخستنە لەلایەن مرۆڤەوە، لەبەرئەوەی هەر مرۆڤێکیش خاوەن بینین و گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیەتی، ئەمە وا دەکات، کە هەریەکێکیان بە شێوەیەکی جیاوازتر لەیەکتر  شتەکان ببینن و وەسفی بکەن، بێگومان ئەمجیاوازی بینینەش کاریگەری لەسەر فەزای بینین دەبێت، هەر بۆیە بۆ هەر ڕوداوێک چەند شێوە و جۆری گێڕانەوە هەیە.

بە پشت بەستن بە هەمو ئەو دابەشکردنانەی پێشو دەتوانین سێ جۆر فەزای بینین دیاری بکەین، کە بریتین لە: (فەزای بینینی هاوتای شتەکان، فەزای بینینی نزیک لە شتەکان، فەزای بینینی دور لە شتەکان)، لە خوارەوەدا لە هەر یەکێکیان دەدوێین، پاشانیش لە ڕۆمانی (ژن)دا پراکتیزەیان دەکەین:

١. فەزای بینینی هاوتای شتەکان: بریتییە لەو جۆرە فەزایەی، کە لە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەوە دەبینرێت، چونکە هەردوکیان لە هەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، لەهەمان کاتیشدا هاوتان لەگەڵ بینینی شتەکان. کەواتە بینینێکە تیایدا زانیاریی وەگێڕ و کارەکتەر یەکسانە، چونکە پێکەوە شتەکان لەیەک کاتدا دەبینین و هەستی پێدەکەن. بەمەش وەگێڕ لەمجۆرەدا وەگێڕی هەمان شتزانە، یان ئەو وەگێڕەیە لە ڕۆمانەکەدا سنوری کارەکتەرەکان تێ ناپەڕێنێت "هەرچەندە ئەمجۆرە بینینە وەگێڕێک پێشکەشی دەکات، کە لەکارەکتەرەکانی دیکە زیاتر شت دەزانێت، هەرچەندە خۆشی لە ڕوداوەکاندا بەشدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێش ڕوداوەکان ناکەوێت، بەلکو چاوەڕوانی کارەکتەرەکان دەکات تاوەکو ڕوداوەکان کۆتایی پێبێنن"(حطینی، ١٩٩٩، ٢٢٤)، واتە ئەگەر کارەکتەرەکە کارێکی کرد، یان سیفەتێکی وەرگرت، ئەوا وەگێڕ کارەکەی یاخود سیفەتەکەی پێشکەش دەکات.

لەمجۆرەدا وەگێڕ یەکێک لە کارەکتەرەکان یان زیاتر دەکات بە ئاوێنەیەک، کە ڕوداوەکانی تیادا ڕەنگ دەداتەوە، بە تایبەت ئەو کارەکتەرانەی لەگەڵیان دایە، چونکە وەگێڕ ئەوەیە، کە لە کاتی ئێستادا قسە لەبارەی کارەکتەرێکەوە دەکات وەک ئەوەی وەگێڕەکەیە، کارەکانی لەسەردەمی ڕابردودا ڕویان داوە، واتە ئەگەر وەگێڕ کارەکتەرەکە بێت ئەوا مەودایەکی زەمەنی لەنێوان ڕابردو و ئێستادا هەیە ، واتە لە نێوان کارەکتەرەکە لە سەردەمی ڕابردو، لەگەڵ وەگێڕ لە سەردەمی ئێستادا، بۆیە چیتر وەگێڕ کارەکتەرێک نییەو ڕۆمانەکەش (ژیاننامەی خودی) نییە، بەڵکو گێڕانەوەیەکە و تەکنیکی وەگێڕ بە راناوی (من) بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت گەمەیەکی هونەری پیادە بکات، کە بواری ئەوەی بدات ئامادەیی هەبێت.

لە ڕۆمانی (ژن) ی(ڕێواس ئەحمەد)دا، ئەمجۆرە بینینە بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە بەشەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٥، ١٧)دا بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا وەگێڕ هەمان شتزانە، بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسە دەکات و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، وەک لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا دەڵێت: "ئەمڕۆ لە وڵاتی بەفرو سەوزایی، وڵاتێک تەنانەت خەونیشم پێوە نەبینیوە، بە خەیاڵیشمدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان تێیدا بگیرسێمەوە، لە نەخۆشخانەیەکدا کاردەکەم، دایکم نازانێت لێرە کچەکەی وەک فەڕاشێک دامەزراوە.........گەر بزانێ ئەم کارە دەکەم ڕەنگە دڵی بوەستێ، چونکە ئەو دەزانێ چەند ڕەنجم داوەو چەند شەونخونیم بە دیار کتێبەکانمەوە کردووە بۆ ئەوەی نمرەیەکی باش بێنم و بچمە کۆلێژی پزیشکی"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٣). لەم دەقەدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەوە دەبینرێت، چونکە هەردوکیان بینینیان هاوتایە لەگەڵ شتەکان و لە یەک کاتدا شتەکان دەبینن، کە تێیدا وەگێڕ باس لە ژیان و کارکردنی (شیرین)ی کارەکتەری دەکات، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی سوێد، هەرچەندە لە جیاتی ئەوەی پزیشک بێت، فەڕاشە لە نەخۆشخانەیەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابەدڵ نییە لە کارەکەی و بگرە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکەی دەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەتوانێت مانگانە بڕە پارەیەک بۆ دایکی بنێرێتەوە تا بتوانێت چارەسەری برا

نەخۆش و پەککەوتەکانی پێبکات. کەواتە فەزای بینین لەم دەقەدا بریتییە لە هەوڵ و ماندوبون و تێکۆشانی کارەکتەر لە پێناو رزگارکردنی خێزانەکەی لە نەهامەتی و هەژاری، هەرچەندە کارەکەشی لەگەڵ حەز و ئارەزو و ئاواتەکانیدا یەک ناگرێتەوە.

هەر لە رۆمانی (ژن)دا ئەم بینینی هاوتای شتەکان لە شوێنێکی تردا دەبینرێت، کە تیایدا وەگێڕ دەڵێت: "ئەوا دوو مانگ بەسەلامەتی تێپەڕی و لە کارەکەمدا سەرکەوتوم، ئەی قابیلە بۆ سەرکەوتو نابم هەروەک ماڵ پاککردنەوە وایە، هەر لە منداڵییەوە فێر بوم هەمو کارێکی ناوماڵ بکەم. دایکم فێری هەمو کارێکی دەکردین. بەڵام لە سەرەتاوە تۆزێک ترسم لە دڵا بو، گومانم لە هەمو کەس دەکرد و نەمدەوێرا قسە لەگەڵ کەس بکەم، ئێستاش دو کچ بوونەتە هاوڕێم و هیچ نەبێ بۆ فێربونی زمان باشە، لە جارانیش زیاتر دەخوێنم، وا خەریکە دەبوژێمەوەو تۆزێ دێمەوە سەر خۆم. ئەوەی زیاتر دڵخۆشی کردوم ئەم مانگە پارەیەکی باشم بۆ دایک و براکانم ناردووە"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٥). لێرەدا وەگێڕ و کارەکتەر بینینیان بۆ شتەکان وەکو یەکە، واتە هاوتان لەگەڵ شتەکاندا، چونکە هەردوکیان لەیەک گۆشەنیگاوە ڕوداوەکە دەبینن، بەمەش فەزای بینین لە گۆشەنیگای هەردوکیانەوە دەبینرێت. کەواتە وەگێڕ لەم دەقەدا فەزایەکی پڕ لە گەشبینی و هیوا و ئاواتمان پیشان دەدات، کە تێیدا کارەکتەر بە گەشبینییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە شتەکان، هەرچەندە خەون و هیواو ئاواتی بونە پزیشک بوو، نەک کارکردن وەکو فەڕاشێک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆشحاڵە، چونکە هەم کارێکی دەستکەوتووە، کە بە هۆیەوە دەتوانێت یارمەتی دایک و براکانی بدات، هەم لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگای دو کچی هاوڕێیەوە فێری زمانیش دەبێت، بەمەش کارەکتەر کۆڵ نادات، بەڵکو بە هیوای ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بگات بە ئاواتەکەی، کە بونە بە پزیشک.

لە شوێنێکی تریشدا دیسان ئەو بینینە دەبینین، کە هاوتایە لەگەڵ شتەکان، وەک وەگێڕ دەڵێت:"لە دوورەوە هەستم بە تیشکی چاوەکانی دەکرد، هەتا دەگەیشتە لام چاوی لێنەدەتروکاندم، هەستم دەکرد کە نزیک بکەومەوە، نیگای چاوەکانی دەمسوتێنێ، بۆیە بە پێی توانا هەوڵم دەدا تەماشای چاوەکانی نەکەم. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە گەر هانس بەرامبەرم بێت چۆن بڕوانمە چاوەکانی، یان چۆن بتوانم نیگای چاوەکانم ئاوێتەی دەرونم نەبێ. بەهەر حاڵ دەبێ خۆم لە بینینی لادەم، کاتێ ژوورەکەی پاکبکەمەوە ئەوی لێ نەبێ، یان باشترە شوێنی کارەکەم بگۆڕم. خۆ هێندە گران نییە، لەگەڵ کەسێکی تردا کارەکەم دەگۆڕمەوە"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٣٤). لەم دەقەدا فەزای بینین هەمان ئەو فەزایەیە، کە وەگێڕ و کارەکتەر دەیبینن، چونکە هەردووکیان لەیەک گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، واتە بینینیان بۆ شتەکان یەکە، ئەویش بریتییە لە خۆشەویستی شیرین بۆ دکتۆر هانس و بە پێچەوانەشەوە، کەچی لەگەڵ ئەم خۆشەویستییەشدا، شیرین نایەوێت ژیانی لێ تێک بدات، چونکە دکتۆر هانس ژن و منداڵی هەیە، جگە لەوەش نایەوێت جارێکی تر لەگەڵ هیچ پیاوێکی تر خۆشەویستی بیان هاوسەرگیری بکات، چونکە لەلایەن هاوسەری پێشویەوە لێدان و ئازارێکی زۆری چەشتووە، ئەمەش وا لە شیرین دەکات، بیر لە خۆ ونکردن و گۆڕینی شوێنی کارەکەی بکاتەوە، تاوەکو لەبەر چاوی دکتۆر هانس ون بێت، بەمەش شیرین دەیەوێت قوربانی بە خۆشەویستییەکەی خۆی دەدات.

لە جێگەیەکی تریشدا هەمان ئەو بینینە هاوتایە دەبینین، کاتێک وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: " - براکەم شوێنەکەمی دۆزیوەتەوە. دوێنێ بەردەمی دەرگاکەی گرتبو نەدەڕۆیشت، تا لێرەوە پۆلیسیان بۆ بانگ کرد. وازم لێناهێنن تا نەمکوژن، کە شوم کرد برا گەورەکەم هەڕەشەی لێکردم و وتی گەر ئامۆزاکەت جێنەهێڵی یەک چەقۆ دەکەم بە سکتا..............

— ئەی ناتوانن شوێنکەت بگۆڕن، یان بتبەنە شارێکی تر.

— با ئەوان یەکسەر بیریان لەوە کردەوە کە جێگەکەم بگۆڕن، بەڵام لە هیچ کوێیەک شوێنی بەتاڵ نییە.

— گەر دەتەوێ و ئێرەت پێ باشە، دەتوانی بێیت بۆ لای من. وەرە ئێرە ماوەیەک دانیشە تا شوێنێکت بۆ دەدۆزنەوە، هیچ نەبێ لێرە هەست بە ئەمان دەکەیت. تۆ دەتوانی لە ماڵەوە بیت و هەر پێویستیەکیشت هەبێ خۆم بۆتی جێبەجێ دەکەم"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٣٦). لەم دەقەدا وەگێڕ زیاتر لە کارەکتەرێکی کردووە بە ئاوێنە، کە ڕوداوەکان تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوانیش (شیرین)و (شارا)ن، کە بینینیان لەگەڵ وەگێڕدا هاوتایە و لەیەک کاتدا لە شتەکان دەڕوانن، چونکە پێیانوایە، باشترین شوێن بۆ خۆ حەشاردانی شارا ماڵەکەی شیرینە، تاوەکو کەسوکارەکەی نەیدۆزنەوەو نەیکوژن، لەبەرئەوەی براکەی ئێستا بەوە دەزانێت، کە دوای ئەوەی شارا لە ماڵەوە ڕایکرد لە ڕێکخراوێکی ژنان دەژی، بەمەش خانووەکەی شیرین دەبێتە ئەو شوێنەی، کە شارا تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکات، کەواتە وەگێڕ دەیەوێت ئەو فەزا پڕ ترس و مەترسییەی شارا تیایەتی بۆ فەزایەکی پڕ لە هێمنی و ئارامی و ئاسایش بیگۆڕێت.

هەروەها لە دەقێکی تردا وەگێڕ دەڵێت: "تەواو ژیانم لێ تێکچووە، نازانم ڕاست و چەپم لە کوێوەیە، هەموی خەتای خۆم بوو، نەدەبو پەیوەندیم لەگەڵ هانس دا وا زو پەرە بسێنێ، داوای لێکردم بگوازمەوە لای بێ یەک و دو بە گوێم کرد، کە داوای لێکردم بۆ ماوەیەک لە کارەکەم ئیجازە وەرگرم، خێرا بە گوێم کرد"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٣٨). لەم دەقەدا وەگێڕ ئەو کەسەیە، کە لە کاتی ئێستادا قسە لەبارەی کارەکتەرێک دەکات وەک ئەوەی خۆی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوداوەکان لە ڕابردودا ڕویان داوە، وەگێڕ لە کاتی ئێستادا دەیگێڕێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هەردوکیان لەهەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە ئەو شت و ڕوداوانەی لە ژیانی کارەکتەردا ڕویان داوەو هاوتان لەگەڵی، بەمەش فەزای بینین بریتییە لە فەزایەکی ناوەکی کارەکتەر، کە تێیدا لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت و خۆی بە تاوانبار دەزانێت، بۆیە سەرزەنشتی خۆی دەکات، بەوەی ژیانی خۆی بە دەستی خۆی تێکداوە.

لە دەقێکی تریشدا بەهەمان شێوە ئەم هاوتایەی کارەکتەرەکان لەگەڵ شتەکاندا دەبینین، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "- بابە گیان دیارە ئەم ژنەت زۆر خۆشدەوێت.

— زۆر، خۆشم نازانم بۆ.

— ئەی ئێمە؟

— ئێوەشم زۆر خۆش دەوێت، ئێوە دڵی منن، بەڵام شیرین هێز و سۆزێکی تایبەتیم پێ دەبەخشێ. با ئەم جارە چاک بێتەوە، پێتان دەناسێنم.

یەکەمین جار بو هانس بەو جۆرە ناوی شیرینی هێنا لای منداڵەکانی و ئەوانیش لەوە گەیشتن کە باوکیان لەگەڵ ئەو ژنەدا بەختەوەرتر دیارە"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٧٩). لەم دەقەدا منداڵەکان لەوە تێدەگەن، کە باوکیان لەگەڵ شیرین بەختەوەرترە وەک لەگەڵ دایکیان، بەمەش بەختەوەری و دڵخۆشی باوکیان لای ئەوان لە هەمو شتێکی تر گرنگترە، بۆیە هاوڕان و ڕازین بە پەیوەندی نێوان شیرین و باوکیان. کەواتە منداڵەکان هاوڕان لەگەڵ شتەکاندا، کە کارەکتەری ناو ڕوداوەکە و سەرچاوەی

زانیاری وەگێڕن، لە هەمان کاتدا وەگێڕیش هاوتایە لەگەڵ شتەکان، هەر بۆیە فەزای بینین لە گۆشەنیگای کارەکتەر و وەگێڕەوە دەبینرێت.

١. فەزای بینینی نزیک لە شتەکان: ئەو جۆرە فەزایەیە، کە تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە وەگێڕ پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ شتەکاندا هەیە و لێیانەوە نزیکە، ئەوەش وامان لێ دەکات شتەکان بە جۆرێکی واقیعیتر ببینین، چونکە نزیکبوونەوەی وەگێڕ لە شتەکان وای لێ دەکات زیاتر دەرکیان پێ بکات و وەسفیان بکات. بەمەش بینینی وەگێڕ لە بینینی کارەکتەرەکان زیاترە و وەک ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕۆماننوسەکەیە و بە ڕاناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو) قسەدەکات، لەبەرئەوەی ئاگاداری هەموو شتەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و دەتوانێت بزانێت چی لە مێشکی کارەکتەرەکاندا هەیە، جگە لەوانەش خاوەن سەربەستیەکی ئەوتۆیە، کە دەتوانێت بچێتە ناو دەرونی کارەکتەرەکانەوە و جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات. بەمەش وەگێڕ تێڕوانینێکی سەراپایی و ڕون پێشکەش دەکات، کە وای لێدەکات پێویستی بە خستنەگەڕی هزری خوێنەر و ماندوبونی خوێنەر نەبێت، چونکە هەمو ڕوداوەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت و ڕێگە نادات خوێنەر هیچ شتێک ببینێت جگە لەوەی خۆی پیشانی دەدات، بۆیە خوێنەر تەنها ئەو شتانە دەزانێت، کە ئەو دەیەوێت بیزانن، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وەگێڕ دەکەوێتە نێوان خوێنەر و جیهانی ڕۆمانەکەوە. سەبارەت بە کارەکتەرەکانیش، ڕوداوەکان ئەنجام دەدەن بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەو چارەنوسە نادیارە بن، کە چاوەڕێیان دەکات، چونکە وەگێڕ ڕێگا بە کارەکتەرەکان نادات لە خۆیان بدوێن، بەڵکو کارەکتەرەکان تەنها ئەو شتانە دەبینن، کە لەبەر چاویدان.

لەم ڕۆمانەدا ئەمجۆرە بینینە بە ڕێژەیەکی زۆر دەبینرێت، بەتایبەتی لە بەشەکانی (٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨)دا، وەک لەم دەقەدا وەگێڕ دەڵێت: "نزیکەی مانگێکە لەم نەخۆشخانەیەدا کاردەکات، بێ گرفت و ڕێکوپێک کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات و هێمن و بێ دەنگە، لە سڵاوکردن بترازێ کەس ورتەیەکی لێوە نابیستێ. تەنانەت سەرنجی نەخۆشەکانیشی ڕاکێشاوە کە پرسیاری لێدەکەن هەوڵدەدا وەڵامەکانی کورت بن و نەچێتە بابەتی جدییەوە. زۆر جار خۆی بەوە دەپەڕێنێتەوە کە سوێدی باش نازانێ"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٩). لێرەدا زانیاریی وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکە زیاترە، تەنانەت زانیاریی لە کارەکتەرەکانی تری ناو ڕۆمانەکەش زیاترە، بۆیە زۆر بە وردی باس لە هەمو هەڵسوکەوت و سیفەتەکانی شیرینی کارەکتەر دەکات لەو نەخۆشخانەیەی کاری تێدا دەکات، وەک (ئەنجامدانی کارەکانی بێگرفت، هێمنی و بێدەنگی، کەم قسەکردنی، ... )، بەبێ ئەوەی کارەکتەر خۆی ئاگادار بێت و ڕێگەی پێبدرێ لەبارەی خۆیەوە بدوێت و ڕێگەی پێبدرێ لەبارەی خۆیەوە بدوێت. کەواتە وەگێڕ و کارەکتەر هەردوکیان لە هەمان گۆشەنیگاوە ناڕواننە شتەکان، چونکە کارەکتەر ئاگاداری ئەو زانیارییانە نییە، کە وەگێڕ پێشکەشیان دەکات. کەواتە فەزای بینین تەنیا لە گۆشەنیگای وەگێڕ دەبینرێت، چونکە هیچ کەسێک وەکو ئەو ناتوانێ بەمشێوەیە وەسفی ڕوداو و شتەکان بکات و بە وردی بۆمان بگێڕێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شتەکان هەیەو لێیانەوە نزیکە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات، کە ئاگاداری هەمو ئەوە شتانە بێت، کە کارەکتەر دەیکات و بیری لێدەکاتەوە، واتە هیچ شتێکی شاراوەو نهێنی کارەکتەری بۆ نامێنێتەوە تاوەکو بەدواداچوونی بۆ بکات، بەڵکو وەگێڕ بە ئاسانی هەمو هەڵسوکەوت و نهێنیە شاراوەکانی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەردەخات.

لە جێگەیەکی تری ناو ڕۆمانەکە، بەهەمان شێوە وەگێڕ ئاماژە بە ڕوداوێکی تر دەکات، بەڵام بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زانیارییە بکات، کە لێوەی وەرگرتووە، تێیدا دەڵێت: "چاوەکانی دەکزانەوەو ئەزیەتیان دەدا، بۆیە لێنزەکانی لە چاوی دەرهێناو خستنیە قوتووە بچوکەکەی خۆیانەوەو دەموچاوی شۆردو ترسی ئەوەشی هەبو کە یەکێ خۆی بکا بە ژورداو ئەم نهێنیەشی ئاشکرا بێت، بۆیە بە ئەسپایی سەیرێکی دەرەوەی کرد کەسێک لەو ناوە دیار نەبو تەنانەت سکرتێرەکەی هانسیش لەو ناوە نەمابو"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٢٩). لەم دەقەدا ئەگەر وەگێڕ ئاگاداری شتەکان نەبێت و نزیک نەبێت لێیان هەرگیز ناتوانێت بەمشێوەیە ئەم ڕوداوە بە وردی بگێڕێتەوەو وەسفی بکات. ئەم وەگێڕە لەبەرئەوەی هەمو شت زانە، بۆیە دەزانێت کارەکتەر لە ژوورەوە لەبەرئەوەی چاوەکانی دەکزێنەوە، بۆیە لێنزەکان لە چاوی دەردەهێنێت و دەیانخاتە قوتووە بچوکەکەی خۆیەوە، جگە لەمە ئاگای لە ناوەوەی کارەکتەرەکەیەو دەزانێت دەترسێت لەوەی ئەم نهێنیەی ئاشکرا ببێت، ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن، وەگێڕ ئاگاداری هەمو شتێکی کارەکتەرە تەنانەت نهێنیە شاراوەکانیشی.

وەک چۆن کامێرامانێک ڕوداوێک بە کامێراکەی تۆماردەکات، لەم دەقەشدا وەگێڕ بەهەمان شێوە ڕوداوێک بە وردی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "هانس لەگەڵ منداڵەکاندا ئاسایی ببووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمدا تەواو گۆڕا بو، تەنانەت نزیکی نەدەکەوتەوە، جلی نوستنیشی دەپۆشی و ماچێکی ڕومەتی دەکردو شەوباشی لێدەکردو ڕوی وەردەگێڕا دەخەوت. ساراش نەیدەویست لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ بکات، چونکە نەیدەزانی شتێ ڕویداوە، هیچیشی لە خۆیدا شک نەدەبرد، ئەمەش بۆ سارا هەزم نەدەکرا چونکە پێشتر گرفتی وایان نەبو" (ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٥٠). لێرەدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە وەگێڕێکی هەمو شتزانە، بەوەی ئاگاداری هەمو شت و ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، تەنانەت نهێنیە شاراوەکانی کارەکتەرەکانیش. وەک لەم دەقەدا دەبینرێت، کە چۆن وەگێڕ بە شێوەیەکی زۆر ورد یەکە یەکە شتەکان باس دەکات و وەسفیان دەکات، ئەویش فەزای ناو ماڵەکەی دکتۆر (هانس)ە، وەک ئاسایی بونەوەی پەیوەندی نێوان هانس و منداڵەکانی، وا دیارە وەگێڕ ئاگای لە کێشەکانی پێشوتریانە، یان ساردی پەیوەندی نێوان (سارا و هانس)و ...هتد. کەواتە لەم دەقەدا وەگێڕ وەک کارەکتەرێک دەردەکەوێت، کە لەو شوێنەدا دانیشتوەو سەیریان دەکات، چونکە زۆر بە وردی وەسفیان دەکات هەڵسوکەوتەکانیان بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی ڕێگە بە کارەکتەرەکان بدات لەبارەی خۆیانەوە بدوێن یان گوزارشت لە ناخیان بکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ ئازادییەکی نیمچە ڕەهای هەیە، بۆ ئەوەی لەبارەی کارەکتەرەکان و ناوەوەیان بدوێت.

هەر سەبارەت بە نزیکی بینینی شتەکان وەگێڕ لە دەقێکی تردا، بە وردی باس لە بەیانیەک دەکات، کە شیرین و هانس لە خۆشی ئەوەی لە دەوام یەکتر دەبینن توشی چەند حاڵەتێکی ناخۆش دەبن، وەک (هەردوکیان نانیان بۆ ناخورێت، یەکێکیان کلیلی ئۆتۆمبیلی بیر دەچێت ئەوەی تریان جانتاکەی، شیرین سواری پاسێکی هەڵە دەبێت و هانسیش بە شەقامێکی هەڵەدا دەڕوات)، وەک وەگێڕ دەڵێت: " شیرین و هانس نانیان پێنەخورا. هانس کە چووە دەرەوە کلیلی ئۆتۆمبیلەکەی بیر کرد و شیرینیش جانتاکەی بیرچو. دەبوایە سواری پاسی ژمارە ١٠ بێت خۆی کردبو بە پاسی ژمارە ٤دا، هانسیش لە شەقامێکی هەڵەوە لای دایەوە. هەردوکیان بە ترسێکی سەیرەوە ڕێگای کاریان گرتە بەر. هانس نەیدەزانی کەی لە ژورەکەیدا بێت تا شیرین

ببینێ، شیرینیش نەیدەزانی کەی ژورەکە پاکبکاتەوە تا ئەو ببینێ. ئەم دو بیرۆکەیە مێشکیانی جەنجاڵ کردبو"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٦٣). فەزای بینین لەم دەقەدا بریتییە لە پیشاندانی دیوی دەرەوەو ناوەوەی کارەکتەرەکان و هەڵسوکەوتەکانیان لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە، چونکە ئاگاداری هەمو شتەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و نزیکە لێیانەوە، تەنانەت دەتوانێت بزانێت چی لە مێشکی کارەکتەرەکاندا هەیە و بیر لە چی دەکەنەوە، جگە لەمانەش دەتوانێت بچێتە ناو دەرونی کارەکتەرەکان و جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات، بەبێ ئەوەی ڕێگا بە کارەکتەرەکان بدات لە خۆیان بدوێن و ئاگاداری ئەو زانیاریانە بن، کە وەگێڕ پێشکەشیان دەکات. کەواتە وەگێڕ ئەوەندە نزیکە لە شتەکان، بە شێوەیەک دەتوانێت هەمو شتێک بە وردی وەسف بکات و وێنەکان یەکە بە یەکە و لە دوای یەکتر وێنا بکات بۆ خوێنەر، بە بێ ئەوەی خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندوبون بێت.

وەگێڕ لە دەقێکی تردا نزیک لە شتەکان دەڵێت: " منداڵەکانی بردەوەو گەڕایەوە بۆ ماڵێ. بە وردی سەیری ماڵەکەی کرد، بەلایەوە سەیربو، شیرین هیچ شتێکی لە ماڵەوە نەبردووە، تەنانەت شتە تایبەتییەکانی خۆشی، وێنەکەی باوکی هەر بە تەنیشت جێگاکەیەوە هەڵواسرابو، نامەکانی دایکی، جل و بەرگ و کتێبەکانی. هانس لەوە گەیشت کە ئەم دەرچونەی ناچاریی بووە، بە زۆر ماڵیان پێ جێهێڵاوە، ئەگینا بە ئارەزوی خۆی بڕۆیشتایە شتەکانی دەبرد، هەر هیچ نەبێ وێنەکەی باوکی"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٨٤). لێرەشدا فەزای بینین تەنیا لە گۆشەنیگای وەگێڕەوەیە، چونکە هیچ کەسێک وەکو ئەو ناتوانێ بەمشێوەیە وەسفی ڕوادو و شتەکان بکات و بۆمان بگێڕێتەوە، هۆکارەکەش بۆ پەیوەندی پتەوی وەگێڕ بۆ شتەکان و نزیکی لێیان دەگەڕێتەوە، ئەم پەیوەندی و نزیکیەش وادەکات، کە وەگێڕ بە ئاسانی هەمو هەڵسوکەوت و نهێنیە شاراوەکانی کارەکتەر بزانێت و بۆ خوێنەری ئاشکرا بکات بە بێ ئەوەی خوێنەر پێویستی بە ماندوبون و بەدواداچون بێت.

١. فەزای بینینی دور لە شتەکان: ئەو جۆرە فەزایەیە، کە لەگۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت هەرچەندیشە دورە لە شتەکان، چونکە زانیاریی وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە. واتە لەمجۆرەیاندا وەگێڕەکە کەم شتزانە، جا چ خۆی یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، یان بینەر بێت، یان بێ لایەن بێت، بەمەش زانیاری وەگێڕ لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە وەسفی کارەکانی کارەکتەرەکان و ڕواڵەتی دەرەوەیان و جوڵە و دەنگەکانیان دەکات، بەڵام ئاگای لە هزرەکانیان نییە و هەوڵیش نادات ئاشکرای بکات (بڕوانە: یوسف،١٩٩٧ ،٣٤). کەواتە وەگێڕ ناتوانێت بچێتە ناخ و دڵ و دەرونی کارەکتەرەکان، بەڵکو خۆی دور دەگرێت لە شیکردنەوەی دەرکەوتەکانی ئەو گوزارشتە دەرونیانەی هەندێک لە کارەکتەرەکان دەری دەبڕن، یاخود لەسەر ڕوخسار و لە ڕەفتاریاندا دەردەکەوێت.

ئەو وەگێڕەی لە دەرەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، ئامادە نییە و هەمو شتزانیش نییە، بۆیە بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێت ڕێگەی پێ بدات بەبێ دەست تێوەردان شتەکە بگێڕێتەوە، بۆیە وەگێڕ لە مەودایەکی دیاریکراوەوە شتەکە دەگێڕێتەوەو لە دەرەوەی ئەوەدا دەمێنیتەوە، کە دەیگێڕێتەوە، چونکە ئەو ڕوداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە ئامادەیی ئەودا ڕویان نەداوەو گەواهیدەر نییە لەسەر ئەوەی دەیگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەگێڕێتەوە، کە کەسانی تر دەیگێڕنەوەو بیستویەتی لێیان، لەبەرئەوەی "چیرۆکگێڕەوە بە هۆی دیتن و بیستنەوە زانیاری دەست دەکەوێت، واتە سەرچاوەی پەیداکردنی زانیاری تەنها ئەم دو هەستەیە"(سابیر، ٢٠٠١، ٢٢٠)، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وەگێڕ زانیارییەکانی لە ڕێگای هەستی بیستن و بینینەوە وەردەگرێت و پشت بە قسەی کارەکتەرەکان دەبەستێت بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکان.

ئەمجۆرە بینینە لە ڕۆمانی (ژن)دا هەیە، بەڵام لە چاو دو جۆرەکەی تر کەمتر دەبینرێت، وەک وەگێڕ لە یەکێک لە دەقەکاندا بە پشت بەستن بە هەستی بیستن دەڵێت:

" – هانس تا ئێستا دەستت لە ژنەکەت بەرز کردۆتەوە؟

– نا، بەڵام وا تێمەگەن کە پیاوانی سویدی لە ژنەکانیان نادەن. نەک تەنیا لە ژن دەدەن بەڵکو هەندێ جار لەبەر ئێرەیی ژنەکانیشیان دەکوژن، جیاوازییەکە ئەوەیە لای ئێمە ئەو تاوانانە بە ناوی شەرەفەوە ئەنجام نادرێن، بەڵکو هۆی تریان هەیە، بەشێک لە پیاوان لە ئەنجامی غیرەو گرفتی ئەلکهول کاری وا دەکەن"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٦١). لەم دەقەدا ئەم ڕوداوە لە دو گۆشەنیگای جیاوازەوە دەبینرێت، یەکێکیان بینینی وەگێڕە بۆ ڕوداوەکە لە دورەوە، کە پێی وایە لە ئەوروپا مافی ژن پارێزراوەو پیاوان نە دەتوانن لێیان بدەن و نە بیانکوژن، بەڵام دووەمیان بینینی کارەکتەرەکەیە بۆ ڕوداوەکە لە نزیکەوەو تەواو جیاوازە لە زانیاری وەگێڕ، ئەویش ئەوەیە، کە لە ئەوروپا پیاوان هەم لە ژنەکانیان دەدەن و هەم دەیانکوژن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە "دو بینینی جیاواز بۆ یەک ڕوداو وای لێ دەکەن ببێت بە دو ڕوداوی جیاواز، دیاریکردنی هەر ڕواڵەتێکیش لە ڕواڵەتەکانی یەک بابەت بەپێی ئەو بینینە دەبێت، کە ئەو بابەتەمان پێشکەش دەکات"(طودوروف، ١٩٩٠، ٥٠)، کەواتە لێرەدا وەگێڕ خۆی گەواهیدەر نییە لەسەر ڕوداوەکە، بەڵکو لە زمانی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە دەیبیستێت و بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەمەش وا دەکات، کە خوێنەر پێویستی بە هەوڵ و ماندوبون بێت بۆ ئەوەی تێبگات، چونکە لەمجۆرەیاندا بەردەوام ڕوبەڕوی کاری نارون دەبێتەوە، وەک لەم ڕوداوەدا بینیمان، کە زانیاری وەگێڕ زۆر جیاواز بو لە زانیاری کارەکتەرەکە، ئەمەش وا دەکات دو فەزا بۆ یەک ڕوداو ببینرێت.

لێرەدا وەگێڕ وەک بینەری تابلۆیەکی کێشراو وایە، کە ئەگەر لە تابلۆکە نزیک ببێتەوە وردەکارییەکانی دەبینێت، بەڵام ناتوانێت هێڵە گشتییەکانی دیاری بکات، ئەگەر مەودایەکی دیاریکراویش لێی دورکەوتەوە، ئەوا دەتوانێت تابلۆکە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا ببینێت، بەڵام وردەکارییەکان بەلایەوە گرنگ نابن، بەڵکو وردەکارییەکان وا دەبینێت، کە بە هەمویان پێکهێنەری ئەو گشتەن، کە لە تابلۆکەدا دەنوێنرێت.

لە دەقێکی تردا وەگێڕ لە {ێگای هەستی بینینەوە شتەکان دەبینێت و دەڵێت:

" ئێوارەیەکی سەیربو، دو سەعاتی تەواو تەلەفۆنی دەکرد وەڵام نەدەدرایەوە، ڕۆژنامەیەکی کڕی و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

(کچێکی بێگانەی بیستساڵان خۆی دەخنکێنێ)

ئەم کچە لە مێردەکەی جیاببوەوە ماوەیەک لە سەنتەری ژناندا دەژیا، پاشان بڕیار دەدات بگەڕێتەوە، پاش ماوەیەک لە گەڕانەوەی، لە ژورەکەیدا بە ڕەفتەیەک، خۆی هەڵدەواسێت و خۆکوژیی دەکات. کچە منداڵەکەشی کە بە بست لە دایکی جیا نەدەبووەوە، ئەو ڕۆژە دایە گەورەی بە بیانوی پیاسەکردن بردویەتیە ناو شار"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٩٠). لەم دەقەدا وەگێڕ دور لەشتەکان و لە ڕێگای هەستی بینینەوە، کە ڕۆژنامەیەکە هەواڵی خۆخنکاندنی شارای هاوڕێی شیرینمان پێ دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکەی وەگێڕ ڕۆژنامەیەکە، بۆیە ئاگاداری وردەکاری مردنەکەی نییە، بەمەش زانیاریی وەگێڕ کەمترە لە زانیاریی

كارەكتەر، چونكە كارەكتەرەكە بەبیستنی هەواڵەكە ئازارێكی زۆر بە سكی دا تێدەپەڕێ و دەكەوێتە سەر زەوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "هەرچۆنێ بێت خۆی دەگەیەنێتە لای تەلەفۆنەكە و دەیەوێ پۆلیس ئاگادار بكاتەوە. باشە چییان پێ بڵێ؟ بڵێ ئەمە درۆیە مێردەكەی و باوكی كوشتویانە، هەر بۆیە لەو كاتەشدا دەریای كچیان بردۆتە دەرەوە"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٩٠). كەواتە كارەكتەر ناتوانێت قەناعەت بەوە بكات، كە خۆی خنكاندووە بە حوكمی ئەوەی بەیەكەوە لەیەك ماڵدا دەژیان، بۆیە دەزانێت لەلایەن كەسوكارەكەیەوە كوژراوە، كەواتە لێرەدا ڕوداوەكە لە دو گۆشەنیگاوە دەبینرێت، یەكێكیان لە گۆشەنیگای وەگێڕەكەیە، كە دورە لە شتەكان، ئەوی تریشیان كارەكتەرەكەیە، كە نزیكە لەشتەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەزای بینینەكە هەر لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونكە وەك ئاماژەمان پێیدا، كە فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت.

بێگومان باسكردنی وردەكارییەكان سودی زۆرە بۆ پێكهێنانی دیمەنە بینراوەكان و ئەمەش پاڵپشتی وێنەی بونیادی ڕۆمان دەكات و شتەكانیش بەشێوەیەكی گونجاو دابەش دەكات بۆ ئەوەی وێنەی دوا دیمەنەكە پێشكەش بكرێت "لە نوسینی ڕۆماندا وەستان لەسەر وردەكارییەكان و وێنەگرتنیان یەك لە دوای یەك، ئامرازی سەرەكیی پێكهێنانی دیمەنە بینراوەكان و دەستگرتن بە كارایە ئیستاتیكی و شیعرەییەكانەوەیە" (نجمي، ٢٠٠٠، ١٤١)، چونكە وا دەكات خوێنەر بتوانێت بۆ دیاریكردنی چێوە گەورەكە لە مەودایەكی فراوانترەوە سەیر بكات، بەمەش خوێنەر بەردەوام ڕووبەڕوی كاری نارون دەبێتەوە، كە پێویستی بە هەوڵ و ماندوبونە بۆ ئەوەی لێی تێبگات، چونكە وەگێڕ مەودایەك دروست دەكات، كە خوێنەر دور دەخاتەوە لە شتەكان و بەشێوازێك دركیان پێ دەكات، كە خاوەنی ئاسۆیەكی فراوانترە.

وەگێڕ لە دەقێكی تریشدا، پشت بە هەستی بیستن دەبەستێت و دەڵێت: "ئەو ڕۆژە كە من هاتمەوە بۆ ماڵێ ئەم پیرەژنەی خوارەوەمان وتی كابرایەكی وا داوای كۆدی دەرگاكەی لێكردووە تابێتە ژوورەوە ئەویش نەیداوەتێ. دیارە هەر ئەو كابرایەیە.

— بۆ وا ترست لێ نیشتووە؟

— دەترسم ئەو كابرایەی كۆنە مێردم بۆ سۆراخی من ناردبێتی"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٤٠). لەم دەقەشدا وەگێڕ زانیاری لە ڕێگەی یەكێك لە هەستەكانەوە، كە هەستی بیستنە وەرگرتووەو پشتی بە قسەكانی پیرەژنێكی دراوسێیان بەستووە، بەمەش لە ڕێگای بینینی دور لە شتەكان ڕوداوێكمان بۆ دەگێڕێتەوە، كە خۆی لەبەرئەوەی گەواهیدەر نییە بۆیە نازانێت ئەو كابرایە لەلایەن (سارا)ی ژنی دكتۆر هانسەوە نێردراوە بۆ ئەوەی چاودێریان بكات، بۆ زانینی ئەمەش خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندوبونە بۆئەوەی لە ڕاستی ڕوداوەكە تێبگات و بگاتە ئەنجام.

هەر سەبارەت بە بینینی دور لە شتەكان وەگێڕ لە دەقێكی تردا ڕوداوێكی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە، كە لە ڕێگای هەستی بیستنەوە گوێی لێ بووەو دەڵێت: "هەتاو گیان ئەوە چۆن كاری واتكردووە، ئەزانی من تەواو دڵگران بوم، وا تێنەگەی كە حەزم نەكردووە شوبكەی، بەڵام ئەو كوڕە شیاوی تۆ نییە، لەدەرەوەش كەسێكتان نییە ئەم كابرایە بناسێ. من هاوڕێیەكم هەیە لە هەمان وڵات دەژیت كە ئەم كوڕەی لێیە. باوەڕت بێت دەڵێت كابرایەكی تەواو نییە، تا ئێستا لەگەڵ چەند كچە سوێدییەكدا ژیاوەو لەگەڵ كەسیان نەیبردۆتە سەر، گەلێ گرفتی هەبووە تەنانەت لە یەكێ لەو كچانەی داوەو ئاكام چوار مانگ زیندانی كراوە. بۆیە خەمی تۆمە. ناشزانم تۆ چۆن بڕیارێكی وات داوە"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ١٦-١٧). لەم دەقەدا زانیاری كارەكتەر سەبارەت بەو پیاوەی (هەتاو) شوی پێدەكات زیاترە وەك لەزانیارییەكانی وەگێڕ، چونكە وەگێڕ دورە لە شتەكان و هیچ زانیارییەكی لەسەر نییە، بەڵكو هەرئەوەندە دەزانێت، كە لە سوێد دەژی و بەڵێنی بە هەتاو داوە، كە مانگانە بڕە پارەیەك بۆ دایكی بنێرێتەوە تاوەكو چارەسەری برا سەقەتەكانی پێبكات. كەچی (نەوڕۆز)ی كارەكتەر، كە هاوڕێی (هەتاو)ە لە ڕێگای هاوڕێیەكییەوە زانیاری لەسەر دەزگیرانەكەی (هەتاو) كۆدەكاتەوە، داوا لە هەتاو دەكات، كە شوی پێنەكات، چونكە كەسێكی شیاو نییە بۆ ئەو، بەڵام لەبەرئەوەی دورە لە شتەكان نازانێت ئاخۆ هاوڕێكەی لەبەرئەوەی خۆشی دەوێت و حەز ناكات شو بكات و بڕوات بۆ هەندەران، یاخود هەر لەڕاستیدا دەزگیرانەكەی كەسێكی خراپە، دیارە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەمە خوێنەر پێویستی بە بەدواداچوون و خوێندنەوە هەیە تا بە ئەنجامی دروست دەگات.

هەر سەبارەت بە بینینی دور لە شتەكان و بە پشت بەستن بە هەستی بیستن، وەگێڕ لە دەقێكی تردا باس لە نەنە حەلاوی نەنكی شیرین دەكات، كاتێك دەچێتەوە بۆ لادێكەی خۆیان دەست دەكات بە نۆژەنكردنەوەی بەشێكی خانووەكە، كاتێك پرسیاری ئەوەی لێدەكەن، كە چۆن ئەم كارەی بە تەنها كردووە، پێیان دەڵێت، كە كوڕەكەی یارمەتی داوە، هەرچەندە كوڕەكەشی مردووە. وەك وەگێڕ دەڵێت: "دایكم دەیوت ئەو خانووەی كە جاران تێیدا ژیاون لا ژورێكی بە پێوە مابو، ئەو ژورەی چاككردۆتەوەو موبەقێكی بچوكی دروستكردووەو ژورێكیشی بۆ مەڕ و بزنەكانی بنیاتناوە. هەر خۆی بە تەنیا ئەم كارانەی ئەنجام دابو، كە خەڵك لێیان دەپرسی نەنە حەلاو چۆن بە تەنیا ئەم هەمو كارانەت ئەنجام داوە، دەیوت كوڕەكەم یارمەتی داوم. ئیتر خەڵكەكە وایان دەزانی نەنە حەلاو شێت بووە"(ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٣٩). لەم دەقەدا لەبەرئەوەی زانیارییەكان لە یەكێكی ترەوە وەرگیراون، بۆیە ئەمە وا لە خوێنەر دەكات، كە هەوڵ و ماندبون و بەدواداچونێكی زۆر بكات تا دەگات بە ئەنجام، چونكە وەگێڕ خۆی لە ناو ڕوداوەكە نەژیاوە تا ڕاست و دروستی ڕوداوەكە بزانێت، بەڵكو تەنها گەواهیدەرە و لەسەر زاری یەكێك گوێی لە ڕوداوەكە بووە، واتە لە دورەوە شتەكان دەزانێت، بەمەش وەگێڕ و كارەكتەرەكە هەریەكەیان لە گۆشەنیگایەكی جیاوازەوە لە شتەكان دەڕوانن، چونكە بەلای كارەكتەرەوە (شیرین) نە دەكرێت نەنكی بە تەنها ئەم هەمو كارە قورسەی كردبێت، وە نە دەشكرێت باوكی یارمەتی دابێت، لەبەرئەوەی چەند ساڵێكە مردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە وەگێڕ تەنها هەڵسوكەوت و ڕواڵەتی دەرەوەی كارەكتەرەكان دەبینێت، ناتوانێت شتە شاراوەكانی ناو ناخ و هزریان بخوێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونكە فەزای بینین بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە لە ڕۆمانەكەدا، كە دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەكەیدا باڵادەست بێت.

## ٦. ئەنجامەكان:

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەمان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونكە بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە، كە باڵا دەستە لە گێڕانەوەی ڕوداوەكاندا .

٢. بەڵام لە فەزای بینینی هاوتای شتەكاندا، فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕ و كارەكتەرەوە دەبینرێت، چونكە هەردوكیان لە هەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەكان.

٣. لە هەردو جۆرەكەی تردا، مەبەستمان لە (فەزای بینین نزیک لە شتەكان و فەزای بینین دور لە شتەكان)ە، فەزای بینین تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت .

٤. لە فەزای بینینی دور لە شتەكاندا، خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندوبونێكی زۆر هەیە بۆ ئەوەی لە شتەكان تێبگات، بەڵام لە فەزای بینینی نزیک لە شتەكاندا وەگێڕ پێویستی بەو ماندوبون و بەدواداچونە نییە، چونكە وەگێڕ هەمو شتێک لە نزیكەوە پیشان دەدات، بە تایبەت ئەو شتانەی خۆی دەیەوێت خوێنەر بیان بینێت.

٥. لە رۆمانی (ژن)دا، هەر سێ جۆری فەزای بینین (هاوتا، نزیک، دور) بونیان هەیە، بەڵام هەریەكەیان بە رێژەی جیاواز، لەوانە (فەزای بینینی هاوتای شتەكان) بە رێژەیەكی زۆر لە بەشەكانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٥،١٧)دا بونی هەیە، هەروەها دوای ئەم (فەزای بینینی نزیک لە شتەكان) زیاتر لە بەشەكانی (٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨)دا دەبینرێت، لە كۆتاییشدا (فەزای بینینی دور لە شتەكان) بە رێژەیەكی زۆ كەم دەبینرێت، كە تیایدا تەنها لە دو جاردا وەگێڕ زانیارییەكانی لە هەستی بینین وەرگرتووە، بۆ ئەوانی تریش پشت بە هەستی بیستن دەبەستێت.

## ٧. لیستی سەرچاوەكان


آبادي، الفيروز، ٢٠٠٧، *القاموس المحيط*، بيروت: ط٢، دار الكتب العلمية.

إبراهيم، عبدالله، ١٩٩١، *المتخيل السردي مقاربات نقدية في التناص والرؤى والدلالة*، دار البيضاء: ط١، المركز الثقافي العربي، المغرب.

ابو الحسين، احمد بن فارس بن زكريا، ١٩٩١، معجم *مقاييس اللغة*، تحقيق: د.عبدالسلام هارون، بيروت: المجلد٤، ط١، دار الجيل.

إلياس، ماري،١٩٩٧، *حنان قصاب حسين، المعجم المسرحي مفاهيم ومصطلحات المسرح وفنون العرض*، بيروت: ط١، مكتبة لبنان ناشرون، لبنان.

إيكو، أمبرتو، ٢٠٠٥، ٦ *نزهات في غابة السرد*، ترجمة: سعيد بنكراد، الدار البيضاء: ط١، المركز الثقافي العربي،.

بارت، رولان، ١٩٩٣، *المغامرة السيميولوجية*، ترجمة: عبدالرحيم حزل، مراكش: ط١، تينمل للطباعة والنشر، المغرب.

بوتور، ميشال، ١٩٧١، *بحوث في الرواية الجديدة*، ترجمة: فريد أنطونيوس، بيروت: منشورات عويدات.

تودوروف، تزفيتيان، ١٩٩٦، *الادب والدلالة*، ترجمة: د.محمد نديم خشفة، حلب: ط١، مركز الانماء الحضاري،.

توماشفسكي و آخرون، ١٩٨٢، *نظرية المنهج الشكلي نصوص الشكلانيين الروس*، ترجمة: إبراهيم الخطيب، بيروت: ط١، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، مؤسسة الأبحاث العربية.

جنيت، جيرار و اخرون، ١٩٨٩، *نظرية السرد من وجهة النظر إلى التبئير*، ترجمة: ناجي مصطفى، ط١، منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي.

جنيت، جيرار، ٢٠٠٠، *خطاب الحكاية*، ترجمة: محمد معتصم و اخرون، ط٢، المشروع القومة للترجمة.

حطيني، يوسف، ١٩٩٩، *مكونات السرد في الرواية الفسطينية*، منشورات اتحاد الكتاب العرب.

الحمداني، حميد، ٢٠٠٦، *بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي*، بيروت: ط٣، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.

الرازي، محمد بن أبي بكر،١٩٩٠، *مختار الصحاح*، ضبط: مصطفى ديب، بيروت: ط٤، دار الهدى.

سابیر، پەرێز، ٢٠٠١، *بیناى هونەرى چیرۆكی كوردى لە سەرەتاوە تا كۆتایی جەنگى دووەمى جیهانى*، سلێمانی: چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

سعدالله، محمد سالم، ٢٠٠٨، *أطياف النص دراسات في النقد الإسلامي المعاصر*، إربد: ط١، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، إربد، الأردن، حدارا للكتاب العالمي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

صليبا، جميل،١٩٧٣، *المعجم الفلسفي*، بيروت: ط٣، دار الكتاب اللبناني.

طودوروف، تزفيطان، ١٩٩٠، *الشعرية*، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، دار البيضاء: دار توبقال للنشر، ، الطبعة الثانية.

عزام، محمد، ٢٠٠٣، *تحليل الخطاب الادبي على ضوء المناهج النقدية الحداثية*، دمشق: اتحاد الكتاب العرب.

عزام، محمد، ٢٠٠٥، *شعرية الخطاب السردي*، دمشق: من منشورات اتحاد الكتاب العرب.

لوبوك، بيرسي، ١٩٨١، *صنعة الرواية*، ترجمة: عبدالستار جواد، بغداد: دار الرشيد للنشر.

نجمي، حسن، ٢٠٠٠، *شعرية الفضاء السردي المتخيل والهوية في الرواية العربية*، بيروت: ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.

يوسف، امنة، ١٩٩٧، *تقنيات السرد في النظرية والتطبيق*، سوريا: ط١، دار الحوار للنشر والتوزيع.

ئەحمەد، رێواس، ٢٠٠٥، ژن، هەولێر: چ١، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریان.

Larousse, 2001, VVE, France

Simpson, John Andrew, 2008 The Oxford English dictionary, Clarendon press, edition 2.